کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 18:13بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ پەرلەمانی ئەورووپا، بانگێش وداوەت کردن بو، یان لێ پێچانەوەبو؟ ... خالید هەرکی

مامەلەکردن لەگەل دونیای دیپلۆماسی ومەحافلی دەولی رێنما وشێوازی تایبەتی خۆی هەیە، لە



شیکردنەوەی لێدوانی بەرپرسان و شێوەی چاوپێکەوتن وپێشوازی کردن و شێوەی دانیشتنەکان وچەندین بابەتی ووردتر، کە دەکرێ بلێین خۆی زانستێکە بەرلەوەی پیاو دەستی لێ بدا دەبێ بەم زانستە دەولەمەندو جۆش بکرێت دەنا هەم خۆی توشی شۆک وشکست دەبێ هەم میلەتەکەشی پێ چەواشە دەکات.

لەوە ش کوشندەترئەوەیە کاتێک راگەیاندن لەناو تویژەکەیدابەم هۆیەوە راستگۆیی خۆی لەدەست دەدا، هەربۆیە کاردانەوەی ئەم جۆرە نارێکیانە بەشە زۆرەکەی بەر راگەیاندنی ئەم لایەنە دەکەوێت، بەم پێیە لێپرسینەوە و باجەکە لەسەر هەمولایەک دەکەوێ.

لە یادی جەژنی نەورۆزی ئەم سالدا سەرۆک بۆش سەرۆکی ئەمریکا بە بۆنەی هاتنی ئەم جەژنە برۆسکەو پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ هەمو ئەو گەلانە نارد کە یادی ئەم جەژنە دەکەنەوە، بێ ئەوەی ناوی هیچ لە نەتەوەیەک یا ولاتێک بهێنێ، بۆکاریگەریی دەربرینی زمانی دپلۆماسی، کرچی و وشکیی ووتە و راگەیاندنەکان، کە بە کورتترین شێوە پانترین پانتایی وزۆرترین کەسی گرێتەخۆ، دەبێ شێوازی راگەیاندنەکان بەم شێوەیە بن... ئەگەر سەیرێکی راگەیاندنەکانی خۆشمان بکەین دەبینین کە ئەم هەوالەیان چۆن پەخش کرد چۆن خەلکیان چەواشە کرد وراگەیاندنە کەیان بە چ شێوەیەک لەخەلک گەیاند؟ هەوالەکە لای خۆمان بەم شێوەیە بلاو کرایەوە (سەرۆک بۆش جەژنە پیرۆزە لە گەلی کورد دەکات ... لە پەیامێکدا کە ئاراستەی گەلی کورد کراوە سەرۆک بۆش خۆشحالی خۆی بەهاتنی جەژنی نەورۆز دەردەبرێ وپیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکات. !) .

دیسان لە سەردانەکەی سەرۆکی حوکمەت بەرێزنێچیرڤان بارزانی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، لە دانیشتنەکانی سەرۆکی حکومەت لەگەل بەرپرسانی ئەو ولاتە ئەوان رازی نەبونە ئالای کوردستان لەتەک ئالای ئێران بەرز بکرێتەوە، دیارە کە ئەمەش دان پێ نەنانێکە بە حکومەتی کوردستان! ئەی کەدانی پێدانانێن بەرێز سەرۆکی حکومەت بە سیفەتی چی پێشوازیی لێکراوە، ئەم راستیانە لەخەلک نەشاردرێنەوە باشە، لە هەمو سەردان ودانیشتنێکی کاربەدەستانمان لەگەل لایەنەکانی تری دیالۆگیست دا، هەردەم ئێمە دەسکەوتی مەزن وەدەست دەهێنین کە لەمێژوی کورددا تاک بن!. لە هەمو کێشەکانی نێوان لایەنەکانی تری مەیدانی بزاڤی عێراقیدا تەنها لە سەر حسابی کورد دەگەنە رێککەوتن وئاشتەوایی (میللەتیش تەنها بە ئەنجامەکەیرا دەزانێ کاتی خۆی چی بوە و چی گوتراوە) ئەم نەریتە لە دێرزەمانەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە.

لەلایەک پێ لەسەر ناسنامەی کوردستانیی کەرکوک دادەگرین لەهەمان کاتیشدا بۆ مانەوەی یەکپارچەیی عێراق بە ناسنامەی عەرەبیەوە لەسەر بەرزترین ئاست مۆردەکەین، ئەم دو بۆچونە چۆن لەگەلیەکیان دەگونجێنین (کەرکوک شارێکی عێراقیە بەناسنامەی کوردستانیەوە هەمو عێراقیش بە یەکپارچەییەوە ناسنامەی عەرەبیە... ؟؟)

بگەرێینەوە بۆ مەبەستی بابەتەکەمان، ئەوەی گومانی لای ئێمە دروست کردوە لە راستیی مەرامی دانیشتنەکە ی سەرۆک بارزانی لەگەل پەرلەمانی ئەورووپا، لەوەی کە لێپرسینەوە بێت نەک داوەت کردن، چەند خالێکن:

1- بێتاقەتی سەرۆک بارزانی لە پێشوازی و وەلامدانەوەی پرسیارەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2- دانیشتنەکە دوای دانیشتنەکەی بەرەی تورکمانی وعەرەبە هاوردەکانی کەرکوک هات کە لە مانگی رابردو لە هەمان شار و بۆ هەمان مەبەست بەسترابو.

3-کورد بابەت ودەرگای کێشەی زۆرن لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن و کوردستانی عێراق کە تا ئێستا بە بێ چارە ماونەتەوە بۆ تەنها پرسیارەکان لەسەر کەرکوک بون.

4- پرسیارەکان لە شێوەی لێکۆلینەوە بون بەر لەوەی بۆ زنیاری وەدەستهێنان یا پشتگیری یا دۆزینەوەی رێگەچارە بن.

5- دوای تەواو بونی دانیشتنەکە بۆچی پەرلەمان رونکردنەوەیەک یان بەیانێکی دەرنەکرد سەبارەت بە چاوپێکەوتنە کە؟ تەنها ئەوەندە نەبێ کە ووتیان ئێمە شیکردنەوەو لێکۆلینەوەی خۆمان سەبارەت بەم قسانە دەبێ.

6-زۆربەی کورسیەکانی ژوری پەرلەمان خالی بون دیارە تەنها ئەوئەندامانە ئامادەی دانیستنەکەببون کە پەیوەندیان بە لێکۆلینەوە لەسەر دۆزەکە هەبو.

7-ئەمەو دوای دانیشتنەکە (یۆوست لاخن دایک) ئەندام پەرلەمان لەسەر لستی هۆلەندا لە جاوپێکەوتنێکدا رایگەیاند کە دەبێ ئەم راپرسیەی کەرکوک نەکرێت، مادەی 140 یش دوابخرێت.

ئەگەر چیش وەلامەکانی سەرۆکی هەرێم لەئاست داخوازیەکانی گەل ومیلەتی کوردستان بون هەر لەجەختک کردن لەسەر مافەرەواکانی گەلی کورد تا داخوازیەکان وهاوکارینەکردنی ئەوروپا لە پشتگیریەکی تەواوی ئاوەدانکردنەوە وبوارەکانی تر، لەگەل ئەوەشدا ووردبونەوە لە هەر چالاکیەک بۆ ئێمە لەم قۆناغەدا زەرورەتێکە.

هیواش دەخوازم بۆچونەکەم لە سەر ئەم دوا برگەیەم لە شوێن خۆی نەبێ وبە پێچەوانەوە بێ.

ئارنهێم ... 11-05- 2007
www. serben. com
khalidherki@chello

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.